ص:143-157 **المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية**
المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# کاریگەری ستراتیژی کورسی گەرم لەسەر نواندنی مەعریفی لای منداڵانی باخچە لە شاری سلێمانی

خەرمان عوسمان ئەحمد[1] ، سۆلاف فائق محمدعلی[2]

[1,2]بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق

Email: kharman.ahmed@univsul.edu.iq[1], solav.ali@univsul.edu.iq[2]

**پوختە:**

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی کاریگەری ستراتیجی کورسی گەرم لەسەر نواندنی مەعریفی لای منداڵانی باخچە لە شاری سلێمانی، بە بەراورد بە ریگای ئاسای وانەوتنەوە، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە میتۆدی ئەزموونی بەکارهات، وە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە (٢) دوو گریمانەی سفری بەکارهات. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، پێکهاتبوو لەسەرجەم فێرخوازانی باخچەی منداڵان ئاستی دووەم (٥-٦) ساڵ لەپەروەردەی گشتی سلێمانی، نموونەی توێژینەوە بەشێوەی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردرا لە (٣٠) فێرخواز لە (باخچەی منداڵانی لانک)، سەر بە پەروەردەیی ڕۆژئاوای سلێمانی، بۆساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)، دابەشکرابوون بەسەر دوو گرووپی یەکساندا، گرووپی ئەزمونی و گرووپی کۆنترۆڵکراو. ئامرازەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە ئامادەکردنی پێوەری نواندنی مەعریفی کە لە ( ١٨) برگە لەجۆری هەڵبژاردن پێکهات،پاش دەرهێنانی ڕاستی و جێگیری تایبەتمەندیەکانی سایکۆمەتری بۆ برگەکانی پێوەرەکە بەمەبەستی شیاوی بۆ پێوانەکردن. ئەزموونی توێژینەوەکە لە سەرەتای ساڵی خوێندن (٢٠٢٤-٢٠٢٥ ) لەسەر پەرتوکی باخچە لەسەر یەکەی یەکەم (من و هاوڕێکانم)و دووەم (ئاوو خۆراک) جێبەجێکرا، کە ماوەی (٨) هەفتەی خایاند، دواتر بەبەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS) و چەند هاوکێشەیەکی ئاماری گونجاو، توێژەر گەیشت بەوەی کە ستراتیجی کورسی گەرم کاریگەری هەیە لەسەر نواندنی مەعریفی لای منداڵانی باخچە، لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە کۆمەڵێک ڕاسپاردەو پێشنیار خرایە ڕوو.

**کلیلە وشە:** کورسی گەرم، نواندنی مەعریفی،منداڵانی باخچە.

**الملخص:**

استهدف البحث الحالي الى التعرف على اثر استراتيجية الكرسي الساخن في التمثيل المعرفي لدى أطفال الروضة في مدينة السليمانية، مقارنة باسلوب التدريس التقليدي، ولتحقيق هذه الأهداف تم استخدام المنهج التجريبي وفقاً لطبيعة موضوع البحث وأهدافه، ولتحقيق أهداف البحث تم استخدام (٢) فرضيات صفرية. تكون مجتمع البحث من جميع طلبة رياض الأطفال لعمر (5-6) سنوات في رياض الاطفال داخل المدينة، وتكونت عينة البحث من (30) طالباً وطالبة وقد تم تقسيمهم إلى مجموعتين متساويتين، مجموعة تجريبية ومجموعة ضابطة، و تمثلت أداة البحث في إعداد مقياس للتمثيل المعرفي مكون من (18) فقرة من نوع الاختيار من متعدد، حيث تم تطبيق المقياس بعد التأكد من صدقه وثباته على عينة البحث في بداية العام الدراسي (2024-2025) باستخدام كتاب رياض الأطفال في الوحدة أولاً (أنا وأصدقائي) و ثانياً (الماء والطعام) ولمدة (8) أسابيع، ولغرض التوصل الى نتائج البحث تمت معالجة البيانات التي حصلت عليها الباحثة بالاعتماد على برنامج (SPSS) الاحصائي،و توصلت الباحثة الى وجود اثر لاستراتيجية الكرسي الساخن في التمثيل المعرفي لدى أطفال الروضة، وكذلك وجود فرق ذات دلالة إحصائية عند المستوى (0،05) بين متوسطي درجات التطبيقين (القبلي والبعدي) للمجموعتين لصالح المجموعة التجريبية.

**الكلمات المفتاحية:** مقاعد ساخنة، تمثيل معرفي، أطفال الروضة.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**Abstract:**

The present study aimed to investigate the effectiveness of the Hot Seating strategy in enhancing cognitive representation among kindergarten children in Sulaymaniyah, compared with the conventional teaching approach. To achieve this objective, an experimental design was adopted, consistent with the nature and purpose of the research. Four null hypotheses were formulated to guide the investigation. The study population comprised all kindergarten children aged (5–6) years enrolled in kindergartens within Sulaymaniyah. From this population, a random sample of (30) children (both boys and girls) were selected and divided equally into two groups: an experimental group, which received instruction through the Hot Seating strategy, and a control group, which was taught using traditional methods. The primary data collection tool was the Cognitive Representation Scale, consisting of 18 multiple-choice items. The validity and reliability of the scale were established prior to its administration. The intervention was implemented over an eight-week period at the beginning of the (2024–2025) academic year, using content from the first two units of the kindergarten curriculum: “Me and My Friends” and “Water and Food”. Data were analyzed using the Statistical Package for the Social Sciences (SPSS). The results demonstrated that the Hot Seating strategy exerted a positive influence on cognitive representation among kindergarten children. Furthermore, a statistically significant difference was observed at the (0.05) level between the pre-test and post-test mean scores of the experimental and control groups, with outcomes favoring the experimental group.

**Key words:** Hot seats, cognitive acting, kindergarten children.

## بەشی یەکەم

## چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### 1-1 کێشەی توێژینەوەکە

قۆناغی باخچەی منداڵان بە یەکێک لە قۆناغە بنە ڕەتییەگرنگەکانی بنیاتنانی کەسایەتی منداڵ و پەرەپێدانی توانا مەعریفیەکانی دادەنرێت لەم قۆناغەدا گەشەسەندنێکی خێرا لە لایەنی زمانەوانی و دەروونی و کۆمەڵایەتیەکاندا ڕودەدات. هەرچەندە بواری پەروەردە پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ستراتیجیە نوێیەکانی فێربوون فێرکردن، بەڵام شێوازە تەقلیدییەکان هێشتا لە زۆربەی دامەزراوەکانی باخچەی منداڵاندا باوە. ئەم شێوازانەش زیاتر جەخت لەسەر لەبەرکردن و گواستنەوەی زانیاری دەکەن نەک پەرەپێدانی توانای بیرکردنەوە و دیالۆگ. ئەم پشت بەستنە بە شێوازە تەقلیدییەکان توانای منداڵان بۆ دروستکردنی نواندنی مەعریفی ڕوون و بەشداری کردن لە پرۆسەی مەعریفیە بنەڕەتیکانی وەک تێگەیشتن، لێکدانەوە، شیکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشە سنووردار دەکات. بەم شێوەیە، کێشەی توێژینەوەکە پێویستی تاقیکردنەوەی ستراتیجیە فێرکارییە مۆدێرنەکان دەردەخات کە دەرفەتی زیاتر بۆ کارلێکردن، بەشداریکردن و پەرەپێدانی توانا مەعریفیەکان بۆ منداڵان دابین دەکات (Bruner, 1966, p. 45; Vygotsky, 1978, p. 86).

ستراتیژی کورسی گەرم یەکێکە لە ستراتیژیەکانی فێربوونی چالاک کە کاردەکات لە پێناو سەرکەوتن و بەرەو پێشبردنی فێرخوازان لە ناوەوە دەرەوەی پرۆسەی پەروەردەو فێربوون، یەکێکە لەو ستراتیجییانە کە لەسەر دیالۆگ و کارلێکردنی ڕاستەوخۆ دامەزراوە، ڕێگە بە منداڵ دەدات بیروڕای خۆی دەرببڕێت و لەگەڵ هاوتەمەنەکانی و مامۆستاکانی لە ژینگەیەکی پڕلە پاڵنەر گفتوگۆ بکات. (خضر، 2011: 103).

لە ژێر ڕۆشنای ئەوەی ئاماژەمان پێدا دەتوانین کێشەی توێژینەوەکەلەشێوەی ئەم پرسیارەدا بخەینە ڕوو:

ئایا ستراتیژی کورسی گەرم کاریگەری هەیە لە سەر نواندنی مەعریفی لای منداڵانی باخچە لە شاری سلێمانی بە بەراورد بە ڕێگای وانە وتنەوەی تەقلیدی؟.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.9

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**١-٢ گرنگی توێژینەوەکە**

**أ. گرنگی تیۆری**

ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە،کە دەبێت خوێندکار تەوەری سەرەکی و چەقی چالاکیەکان بێت، لە پرۆسەی فێربووندا، ئەگەر نا وانەوتنەوە نابێتە پرۆسەیەکی کارا و بەرهەمهێنەر و ئامانجە خوازراوەکان لە ئاستی ویستراودا بەدەست ناهێنێت، بۆیە باشتر وایە مامۆستا ئەو ستراتیژیە ت و ڕێگا و شێوازانە ی لە ناو پۆلدا دەیگرێتە بە ر خوێندکار تێیاندا کارا بێت و ڕۆڵی چالاك بگێڕێت. (مصطفى، ٢٠٢٣: ٣).

**ب. گرنگی پراکتیکی**

گرنگی پراکتیکی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی لای خوارەوە دا کورت دەبێتەوە:

1) گرنگە بۆ ئەوەی منداڵانی باخچە بتوانن بە شێوازێکی سەرنج ڕاکێش و چێژبەخش زانیاری بەدەست بهێنن.
2) سەرپەرشتیاران و کارمەندانی بواری پەروەردە دەتوانن لەکاتی داڕشتنی پلان و پرۆگرامە کانیان بۆ منداڵانی باخچەکان سودی لێوەربگرن.
3) سوودی دەبێت بۆ مامۆستایانی باخچە بەشێوەیەکی گشتی،لە ڕووی چۆنییەتی پراکتیزەکردنی هەنگاوەکانی وانەوتنەوە بەم ستراتیژیەتە.
4) بەسوودە بۆ ئەو لایەنانەی بەرپرسن لە کردنەوەی خول و مەشق و ڕاهێنانی مامۆستایان بەشداربوو لە سەر چۆنیەتی بە کارهێنانی, تاوەکو دواتر سوودی لێوەربگرن لە وانەوتنەوەکانیاندا.
5) ئە م ستراتیژییە وا لە فێرخوازان دە کات چەندین لێهاتوویی وەک دروستکردنی پرسیار و ئاڵوگۆڕی بیرۆکەکان چارەسەرکردنی گرفتەکان و نواندنی مەعریفی ڕوون پەرە پێبدات و بە شێوە یە کی چالاك بە شداری لە وانە کە دا بکەن.
6) ئامادەکردنی پێوەرێکی زانستی پراکتیکی بۆ پێوانەکردنی نواندنی مەعریفی لای منداڵانی باخچە کە سەرجەم مەرج وتایبەتمەندییە زانستییەکانی تێدا بخاتە ڕوو بۆ ئەوەی توێژەرانی بواری باخچەی منداڵان سوودی لێ وەربگرن وبەکاری بیهێنن لە توێژینەوەکانی ئایندەدا.

**١-٣ سنوری توێژینەوەکە**

1) سنوری مرۆیی: بریتیە لە منداڵانی باخچە ئاستی دووەم (٥-٦) ساڵ لە باخچە حکومیەکانی ناوەندی شاری سلێمانی.
2) سنوری کاتی: ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥).
3) سنوری شوێنی: ناوەندی شاری سلێمانی.
**4)** سنوری بابەتی : یەکەی یەکەم (من و هاوڕێکانم) یەکەی دووەم (ئاو و خۆراک) لە پەرتوکی کارامەیی و چالاکییەکان بۆ منداڵانی باخچە لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

**١-٤ ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی کورسی گەرم لەسەر نواندنی مەعریفی لای منداڵانی باخچە تەمەن (٥-٦) ساڵ.

**١-٥ گریمانەکانی توێژینەوەکە**

1. هیچ جیاوازییەکی ئاماری لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشینەی منداڵانی باخچە هەردوو گرووپی (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو)، لە تاقیکردنەوەی نواندنی مەعریفی نییە.
2. هیچ جیاوازییەکی ئاماری لە نێوان هەردوو ناوەندی ژمێرەیی بۆ جیاوازییەکانی نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوی پێشینە و پاشینە ی منداڵانی باخچە بۆ گرووپی (ئەزمونی) لە تاقیکردنەوەی نواندنی مەعریفی نییە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

### ١-٦ پێناسەی چەمک و زاراوەکانی توێژینەوەکە

**1) ستراتیژ**

- پێناسەی (علي،٢٠١٠): کۆمەڵێک ڕێکاری وانە وتنەوەیە کە مامۆستا هەڵیدەبژێریت و پلانی هەیە لەکاتی وانە وتنەوەدا بەکاری بهێنێت، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکانی فێرکردن بە زۆرترین کاریگەری، (علي، ٢٠١٠: ٨٤)،
- پێناسەی (شاهين، 2011): پلانە یان کۆمەڵێک هەنگاوە یان کۆمەڵێک قۆناغە یاخود گرتنە بەری هەندێک ڕێگەیە کە مامۆستا هەوڵدەدات لە ڕێگەیەوە ئامانجە فێرکارییەکان و دەرئەنجامە دیاریکراوەکان لە کەسێتی خوێندکارەکاندا لە هەرسێ لایەنی (مەعریفی، لێهاتویی، ویژدانی) بەدیبهێنێت، (شاهين، 2011: 22).
- پێناسەی (سحتوت وجعفر، 2014): کۆمەڵێک ڕێگاو شێوازو هەنگاو هۆکارە کە مامۆستا پشتی پێدەبەستێت لە کاتی وانەوتنەوە لە پۆلدا بەجۆرێک بەکاریدەهێنێت کە بتوانێت کەشێکی پڕ جۆشوخرۆش دەستەبەربکات بۆ فێرخوازەکان، وە بتوانێت لە ڕێگەیەوە ئامانجە فێرکارییەکان بەدیبهێنێت بە کەمترین کات و ماندوبون، (سحتوت وجعفر، ٢٠١٤: ٢٣).

**2) کورسی گەرم(Hot seat strategy)**

- پێناسەی (الشمري، 2011) : ستراتیژێکی ئاسان و سەرنج ڕاکێشە دەکرێت بۆ هەربابەتێک بەکار بهێندرێت، وە بەستراتیژێکی کاریگەر دادەنرێت کاتێک مامۆستا بیەوێت بەهاو باوەڕێکی دیاریکراو بچەسپێنێت وە پەرە بە لێهاتووییەکانی دروستکردنی پرسیار ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکەکان دەدات، (الشمري، 2011: ٤٦).
- پێناسەی (سويدان والزهيري، 2018) : ستراتیژیکە لەسەر بنەمای بیرۆکەی ئاڕاستە کردنی پرسیار لە لایەن فیرخوازانەوە بۆ یەکتر بنیات نراوە، بەڕێگەیەکی کاریگەر دادەنرێت کاتیک مامۆستا دەیەوێت بەهاو بیروباوەڕو ئاڕاستە لە نێو فێرخوازاندا بجەسپێنیت. (سويدان والزهيري، 2018: ٢٤)
- پێناسەی (شواهين، 2019) : یەکێکە لە ستراتیژەکانی فێربوونی چالاک لە سەر بنەمای پرسیارکردن مامۆستا بۆ فێرخواز یان فێرخواز بۆ فێرخواز دامەزراوە، تیایدا زیاتر لە فێرخوازێک لە سەر کورسی گەرم دادەنیشێت بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی خوێندکارانی گروپەکان کە ئەمە پەرە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەدات لە نێوان فێرخوازاندا، (شواهين، 2019: ٣٥)
- پێناسەی ڕێکاری: یەکێکە لە ستراتیژەکانی فیرکردنی چالاک کۆمەڵێک هەنگاو ی ڕێکخراو و ڕێکار لە خۆدەگرێت کە توێژەر لە گەڵ فێرخوازانی گروپی ئەزمونی بەکاری هیناوە وە چەندین لێهاتویی وەک دروستکردنی پرسیار و ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکەکان پەرە پێبدات و بەو مەبەستەی فێرخوازان بەشێوەیەکی چالاک بەشداری لە وانەکەدا بکەن لە پێناو گەشەپێدانی لێهاتووی لە نواندنی مەعریفی زانیارییەکان.

**3) نواندنی مەعریفی**

- پێناسەی (الزيات، 2005): بریتییە لە گۆڕینی مانا و داڕشتنە هێماییەکان (ووشە- هێما- چەمک) و داڕشتنە شێوەییەکان ( شێوە- وێنەکێشان- وێنە) و شتە هەمەجۆرەکانی دێتە نێو هەستەکانمانەوە بۆ واتاو ماناو بیرۆکە و تێگەیشتنە هزرییەکان کە سەرەتا دەناسێنرێن و پاشان جێگیردەکرێن تا ببێتە بەشێک لە پێکهاتەی بونیادی مەعریفی بەردەوامی تاک و ئامرازە مەعریفییەکانی،کە لە ڕێگەیانەوە لەکارلێکی بەردەوامدان لەگەڵ جیهانی دەوروبەر. (الزيات، 2005: 676)
- پێناسەی (عبد الصمد، 2017) : لێهاتویی تاک ( باڵا- ناوەند- لاواز ) لە بە هێماکردنی ئەو زانیاریانەی بەدەستی دەهێنێت بە وێنە بێت یان بە ووشە یان بینراو بێت تا مانایەکی هەبێت، وەبیبەستێتەوە بەو زانیاریانەی کە پێشتر لە بونیادی مەعریفی دا هەبووە بە ئامانجی جێگیرکردنیان بە پشتبەستن بە دروستکردنی پەیوەندی و داڕشتنەوەو دروستکردنی بیرۆکەی نوێ. (عبد الصمد، 2017: 30)
- پێناسەی (عطا و عطا، ٢٠١٨): نواندنی مەعریفی بریتییە لە توانای تاک بۆ ئامادەکردن و گۆڕینی مەعریفە خامە وەرگیراوەکان لە ڕێگەی گونجاندن وڕێکخستن وداڕشتنەوەیان کە لە ڕوی چەندێتی وچۆنیەتییەوە جیاوازن لەو شێوازەی کە سارەتا پێشوازی لێکراوە، دواتر بەستنەوەی بەو مەعریفەیەی کە لە یادەوەریدا هەیە تا ببێتە بەشێک لە بونیادی مەعریفی.(عطا و عطا، 2018: 28)
- پێناسەی ڕێکاری توێژینەوەکە: ئەو نمرە یە کە منداڵەکان بەدەستی دەهێنن لە پێوەری وێنەیی نواندنی مەعریفی.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**4) منداڵی باخچە**

- پێناسەی (صایغ، ۲۰۰٦): ئەوجۆرە منداڵانەن کەتایبەتەندی جودای خۆیان هەیە،،دەتوانین وردتر بڵێن منداڵانی هەردوو پۆلی یەکەم و دووەم باخچە کە تەمەنیان کەوتوتە نێوان٤-6ساڵان دەگرێتەوە. ( صایغ،۲۰۰٦، ۲)
- پێناسەی (بدر، ۲۰۰۷): ئەو قۆناغەیە کە تیایداچاودێری ئەومنداڵانەی تێدا دەکرێت کە تەمەنیان لەنێوان(٤-6) ساڵاندایە لە دامەزراوە پەروەردەی و کۆمەڵایەتیە کاندا کە ئامانج یان گەشەپێدانەلە هەموولایەنێکەوە (جستەی، عقڵی، دەرونی، کۆمەڵایتی). (بدر، ۲۰۰۷، ۱۸)
- توێژەر بەم جۆرە پێناسەی منداڵی باخچە دەکات: ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان لە نێوان(٤-٦) ساڵاندایە دەخرێنە باخچە بە مەبەستی فێربوونی هەندێك چەمك وبەهاو لێهاتویی، وە هەموو ئەو شتانەی دی کە لەو قۆناغەدا پێویستی پێیەتی.

**بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە**

**۲-۱ ستراتیژی کورسی گەرم (Hot seating strategy)**

**أ. چەمکی ستراتیژی کورسی گەرم**

هۆکاری ناو لێنانی ئەم ستراتیژە دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندیەکانی ستراتیژەکە، چونکە بەستراتیژیکی کارلیکەرانە تایبەتمەندە کە تیایدا چالاکییەکانی قسەکردن و گوێگرتن لە خۆدەگرێتت بۆیە ناوی لێنرا (کورسی گەرم). ئەم ستراتیژە بۆیەکەم جار لە لایەن سارا یونغ (Sara Young، ۲۰۰۸) توێژەر لە سەنتەری زمانەوانی بەکارهێنراوەو پێشکەشکرا.لەم ستراتیژەدا فیرخوازیک لەسەر کورسی گەرم لە ناوەراستدا لەبەردەم فیرخوازەکانی دیکەدا دادەنیشێت، فێرخوازەکانی دیکە پرسیاری ئاراستە دەکەن وەلامیان دەداتەوە وەرۆڵی مامۆستا ڕێنوێنی وئاراستەکەرە بە پێدانی ڕێنمایی و زانیاری پێویست لەسەر بابەتەکە. (Sara Young، ۲۰۰۸:۲)

ستراتیژی کورسی گەرم بە یەکێک لە ستراتیژە نوێیەکان دادەنرێت بۆ وانە وتنەوە کە لە سەر بنەمای تیۆری بونیادگەراییە، کە فێرخواز ڕۆڵی سەرەکی هەیە و چالاکە مامۆستاش ڕۆڵی ڕێکخەری گفتوگۆکان و هەڵسەنگاندنی ئاستی فێرخوازەکانە. (شواهين، 2019: 21)

ستراتیژی کورسی گەرم یەکیکە لەو ستراتیژانەی کە پەرە بە کارامەییەکانی دروستکردنی پرسیار و ئاڵوگۆرکردنی بیرۆکەکان دەدات.لەم ستراتیژەدا مامۆستا داوا لەخوێندکارێک دەکات لە سەر کورسی گەرم دابنیشیت لەناوەڕاستدا و خوێندکارەکانی دیکەش بەدەوریدا کۆدەبنەوە و پرسیاری لێدەکەن ئەویش وەڵام دەداتەوە، بەمەرجێک وەڵامەکان لەوجۆرە نەبن کە بە یەک ووشە وەڵام دەدرێنەوە، ئەوپرسیارانەش کە وەڵام نادرێنەوە دواتر لەلایان خوێندکارێکی دیکە یاخود مامۆستاکە وەڵام دەدرێتەوە. (الفتلي، 2016: 339).

**ب. ئامانجەکانی کورسی گەرم**

- دەرفەت بۆ فێرخوازەکان دەڕەخسێنێت بۆ دارشتن و ئاراستەکردنی پرسیار.
- پەرەپێدانی توانای گەڕاندنەوەی زانیاریەکان و شیکردنەوەیان.
- گەشەپێدانی گیانی هاوکاری و هەرەوەزی لە نێوان فێرخوازەکاندا، پاڵنەر بۆخوێندکارە شەرمنەکانیش دروست دەکات تا سود لە کورسی گەرم وەربگرن.
- هاندانی فێرخواز بۆ ڕۆڵگێران بەشێوازێکی کارلێک کارانە.
- لەبەرچاوگرتنی جیاوازی تاکایەتی نێوان فێرخوازان لەکاتی ئەنجامدانی چالاکییەکان، وە پەرەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەیان.
- بە مەبەستی زیاتر ئاشنابونیان بە بابەتەکە لە ناوەڕاست یاخود کۆتایی وانەکەدا بەکاردێت.

(West Ed: 2002, 25)


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**ج. یاساکانی ستراتیژی کورسی گەرم**

- کاتێک فێرخواز لەسەر کورسی گەرم دادەنیشێت تەنها سێ پرسیاری لەسەر بابەتێکی دیاری کراو ئاراستە دەکرێت مافی وەڵامدانەوە یاخود تێپەراندنی هەیە.
- لەوانەکاندا بۆ چەسپاندنی بەها و بنەما و بیرو باوەڕەکان بەکاردێت.
- مەرجە پرسیارەکان لە جۆری پرسیاری کراوەبن.

(الشمري، 2011: 47)

**د. هەنگاوەکانی ستراتیژی کورسی گەرم**

ستراتیژییەکە بەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێ دەکرێت:

1. شێوازی دانیشتنی فێرخوازەکان ڕێکدەخرێت و کورسیە گەرمەکە لەناوەڕاست دادەنرێت.
2. دابەشکردنی فێرخوازەکان بۆ چەند گروپێک گەر ژمارەیان زۆر بوو.
3. مامۆستا داوا لە یەکێک لە فێرخوازەکان دەکات لەسەر کورسیە گەرمەکە دابنیشێت.
4. خوێندکاری سەر کورسیە گەرمەکە وەڵامی خوێندکارەکانی تر دەداتەوە.
5. مامۆستا ڕۆڵی چاودێرو ڕێنوێنیکار دەگێڕێت.
6. هەر فێرخوازێک لە نیوە زیاتری وەڵامەکانی زانی خەڵات دەکرێت.

(عزیز، ٢٠٢١: ١٠١)

**٢-٢ نواندنی مەعریفی**

**٢-٢-١ چەمکی نواندنی مەعریفی (Cognitive Representation )**

مرۆڤەکان لە ماوەی ژیان کردنیاندا مامەڵە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر جیاواز لەورووژێنەردا دەکەن، بۆیە پێویستمان بە چارەسەرێکی دەماغی هەیە بۆ ئەو وروژێنەرانە، چارەسەردەکرێن و بەهێمادەکرێن ودەبەسترێنەوە بە زانیارییە پارێزراوەکانی ناو بونیەی مەعریفی درێژخایەن تادەگاتە وەڵامێکی گونجاو، بۆیە نواندنی مەعریفی ئاماژەیە بۆ توانای پاراستنی زانیارییەکان وبەستنەوەیان بە زانیارییەکانی ناو بونیادی مەعریفی، دواتر بەرهەمهێنانی واتاو بیرۆکەی نوێ وە بەکارهێنانیان بەشێوەیەکی کاریگەر لە کاتی پێویستدا. (عواش والعتيبي، 2024: 247)

(بودنر و دومین Bodner & Domin،٢٠٠٠) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە نواندنی مەعریفی زۆر گرنگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بۆئەوەی تاک بتوانێت کێشەیەک چارەسەر بکات دەبێت پەیوەندی بکات لە نیوان زانیارییەکانی پێشووی و ئەوزانیاریانەی لەسەر گرفتەکە لەبەردەستیدایە، ئەماش ناودەبرێت بە نواندنی ناوەکی گرفتەکان، یەکەم قۆناغ بۆ چارەسەرکردنی گرفتێک کە دەبێت تاک ئەنجامی بدات بریتیە لە لە بونیادنانی نواندنی ناوەکی بۆ گرفتەکە.

(Bodner & Domin، 2000: 27)

**٢-٢-٢ پرۆسە عەقڵییەکانی نواندنی مەعریفی**

نواندنی مەعریفی پێکهاتەیەکی پلەبەندی هەیە بەشێوەی هەرەمێک کە ژمارەیەک پرۆسەی ئاوێتەو ئاسان لەخۆدەگرێت کە لە بنکەی هەرەمەکەدا لە ئاستی یەکەم وەرگرتن و جێگیرکردنی زانیارییەکان دێت، لە ئاستی دووەم پرۆسەی بەیەکەوە بەستن وپۆلێنکردن، لە ئاستی سێیەمی هەرەمەکەدا پرۆسەکانی گونجاندن وڕێکخستنی زانیارییەکان، وە دەرهێنان ودارشتنەوە لە ئاستی چوارەمدایە کە لە ئەنجامی بەراوردکردن لە نێوان زانینە نوێیەکان وزانینەکانی پێش وەختەی ناو بونیادی مەعریفی، لە ئاستی پێنجەمی هەرەمەکەدا پرۆسەکانی دابەشکردن وبەکارهێنانیدێت لە بوارو مەبەستی هەمەجۆرداءوە (محمد، ٢٠٠٨) ئاستێکی تری زیاد کردوە بۆ هەرەمەکە کە ئاستی شەشەم و لوتکەی هەرەمەکەیە هەڵسەنگاندنی خودییە لەسەر بنەمای پرۆسەی بەکارهێنان بونیاد دەنرێت. (محمد، ٢٠٠٨: ١٢)

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**٢-٢-٣ تایبەتمەندییەکانی نواندنی مەعریفی**

( الزيات، ٢٠٠1 )، (البيرماني، 2015)، (محمد، 2020) وای دەبینن کە گەڕاندنەوەی زانیاریەکان بە لێهاتوی چەند شتێک کاریگەری هەیە لەسەری لەوانە چۆنیەتی پرۆسەی نواندنی مەعریفی و تایبەتمەندی زانیارییەکان پێکهاتەی بونیادی مەعریفی وە بەدوایەکداهاتن و جێگیرکردنی زانیارییەکان لە ڕێگەی پێشوازی لێکردن وپاراستنی زانیارییەکان لە ناو بونیادی مەعریفی دا، وە ڕادەی لێهاتویی لە نواندنی مەعریفی بۆ زانیارییەکان لەسەر حەوت تایبەتمەندی وەستاوە:

1. پاراستن و جێگیرکردن: مەبەست لێی پاراستن و هەڵگرتنی زانیارییەکانە وە ئەم تایبەتمەندییە بەندە بە پەیبردن بە گرنگی زانیارییەکان جا زانیارییەکان ئەوزانیاریانە بن کە هاتونەتە ناو زهن یان زانیارییە دارێژراوەکان بن کە دواتر بەکاریان دەهێنین.
2. ماناکان: مەست لێی جێگیربونی ماناکانە کە ناوەرۆکی مەعریفە ئاماناجیەتی.
3. دارشتنەوە: مەبەست لێی ئەوزانیارییە نوێیانەیە کە فێرخواز دەریدەبڕێت کە پێچەوانەی بونیادی مەعریفیەتی پێویستە لە ڕوی چەندێتی وچۆنێتیەوە جیاوازبێت لە زانیاریە خامە وەرگیراوەکان.
4. گونجاندن: مەبەست لێیی گۆرانکاریکردن ولابردنی هەندێک لە ڕەگەزەکانی دەرئەنجامە مەعریفیەکانە بە مەرجێک هەمان مانا بەدەستەوە بدات دواتر بەکارهێنانیان.
5. دەربڕینی هەمەجۆر بۆ نواندنی مەعریفی: واتە هەمەجۆری لە دەربڕینی نواندنی مەعریفی جا بە ئاسۆی بێت یان بە ستونی وە هاوکات و یەک لەدوای یەک بن بە پشت بەستن بە ڕێکخستنی خودی.
6. نەرمی شێوازەکانی نواندنی معریفی: مەبەست لێی پشت بەستنە بە دەربڕینە شێوەییەکانی نواندنی مەعریفی وە فرەچەشنی لە شێوازەکانی چارەسەرکردنی مەعریفە وەرگیراوەکان یان دارێژراوەکان.
7. داینامیکی نواندنی مەعریفی: مەبەست لێی ڕەوانی مەعریفییە بە پشتبەستن بە ڕێخستن و گونجاندن ودارشتنەوە و هێنانە بونی زانیارییەکانە.

( الزيات، 2001: 553)، (البيرماني،2015: 2124)، (محمد، 2020: 878)

**٢-٣ توێژینەوەکانی پێشوو**

٢-٣-١ توێژینەوەکانی تایبەت بە ستراتیژی کورسی گەرم

1. توێژینەوەی (عبدالكريم– مصر، ٢٠١٦) بە ناونیشانی: (أثر استراتيجية كرسي ساخن عبر تعليم العلوم في تنمية مهارات الحوار والإهتمام العلمي لدى تلاميذ المرحلة الأبتدائية)، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە سەرجەم خوێندکارانی سەرەتایی لە شاری (اسيوط- مصر) و نموونەی توێژینەوەکە (٧٤) خوێندکاری پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بوون و میتۆدی ئەزموونی بۆ دوو گروپی هاوتا پەیرەو کردووە، ئامرازەکانی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەیەک بۆ پێوانەکردنی لێهاتویی گفتوگۆ لای خوێندکاران، و ئامادەکردنی پێوەرێک بۆ پێوانەکردنی گرنگی پێدانی زانستی.لەگرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە پێی گیشتووە: ستراتیژی کورسی گەرم کاریگەری هەیە لەسەر لێهاتویی گفتوگۆ وگرنگی پێدانی زانستی لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە میصر.
2. توێژینەوەی (الخيرو، ٢٠٢١) بە ناونیشانی: (أثر استراتيجية الكرسي الساخن في تنمية التفكير الحدسي لدى اطفال الروضة)، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە سەرجەم منداڵانی باخچە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠ – ٢٠٢١) لە شاری موصڵ، نموونەی توێژینەوەکە (٤٠) منداڵی باخچە بوون، و میتۆدی ئەزموونی بۆ دوو گروپی هاوتا پەیرەو کردووە، ئامرازەکانی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە ئامادەکردنی پێوەری بیرکردنەوەی هەستی، لەگرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە پێی گیشتووە: هەبونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان تەقیکردنەوەکانی پێشەکی و پاشەکی لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی هەستی لای منداڵانی گروپی ئەزموونی، هەبونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندی ژمێرەی نمرەکانی گروپی ئەزمونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی.
3. توێژینەوەی (مصطفى،٢٠٢٣) بە ناونیشانی: (کارایی بە کارهێنانی ستراتیژی کورسی گەرم لە سەر دەستهات لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و ئاراستەیان دەربارەی بابەتی کۆمەڵایەتی). کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی ناوەندی شاری کەلار، نموونەی توێژینەوەکە کە (٥١) خوێندکاری پۆلی هەشتەمی سەرەتایی بوون و میتۆدی نیمچە ئەزموونی بۆ دوو گروپ پەیرەو کردووە، ئامرازەکانی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی دەستهات و ئامەدەکردنی پێوەرێک بۆ پێوانەکردنی ئاراستە بەرەو بابەتی کۆمەڵایەتی، لەگرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە: هەبونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەی


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

خوێندکارانی گرووپی ئەزمونی وگرووپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پێوەری ئاراستە بەرەو بابەتی خوێندن، لەبەرژەوەندی گرووپی ئەزمونی.وە هەبونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەی خوێندکارانی گرووپی ئەزمونی وگرووپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی دەستهاتی خوێندن، لەبەرژەوەندی گرووپی ئەزمونی.

**٢-٣-٢ توێژینەوەکانی تایبەت بە نواندنی مەعریفی**

1. توێژینەوەی (عطا وعطا، 2018) بە ناونیشانی: (پەیوەندی لە نێوان لێهاتویی نواندنی مەعریفی وکوالیتی ژیانی فەرمانبەری لای مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت). کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی پەروەردەی تایبەت لە پارێزگای الغردقة - مصر، ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە زانینی پەیوەندی لە نێوان لێهاتویی نواندنی مەعریفی وکوالیتی ژیانی فەرمانبەری لای نموونەی توێژینەوەکە کە (٨٠) مامۆستا بوون و میتۆدی وصفی و پەیوەستبوونی پەیرەو کردووە، ئامرازەکانی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە ئامادەکردنی پێوەری کوالیتی ژیانی فەرمانبەری مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت،لەگرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە: بونی پەیوەندی بەهێز لە نێوان لێهاتویی نواندنی مەعریفی،کوالیتی ژیانی فەرمانبەری مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت.
2. توێژینەوەی (محمد، 2020) بە ناونیشانی: (کاریگەری ستراتیژییەکی پێشنیازکراو پشتبەست بە تێکەڵکردنی (خولی ڕاهێنانی حەوتی) و وێستگەکانی فێربوون بۆ گەشەپێدانی لێهاتوییەکانی جوگرافی وئاستی نواندنی عەقڵی بۆ زانیارییەکان لای خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی). کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە خوێندکارانی پۆلی یەکەمی ناوەندی لە پارێزگای القليوبية - مصر، ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە پێوانەکردنی کاریگەری ستراتیژییەکی پێشنیازکراو پشتبەست بە تێکەڵکردنی (خولی ڕاهێنانی حەوتی) و وێستگەکانی فێربوون بۆ گەشەپێدانی لێهاتوییەکانی جوگرافی وئاستی نواندنی عەقڵی بۆ زانیارییەکان لای خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە کە (٨٠) خوێندکار بوون، و میتۆدی وەسفی و ئەزمونی پەیرەوکردووە، ئامرازەکانی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی لیهاتوییەکانی (لێکۆڵینەوەی جوگرافی) و ئامادەکردنی پێوەری نواندنی عەقڵی زانیارییەکان و لەگرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە: بوونی جیاوازی لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەی خوێندکارانی گرووپی ئەزمونی وکۆنترۆڵکراو لە جێبەجێکردنی پاشەکی لە پێوەری نواندنی عەقڵی زانیارییەکان ونمرەی کۆتایی لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزمونی.
3. توێژینەوەی (عبدالله، ٢٠٢٣) بە ناونیشانی: (کاریگەری ستراتیژی (الدليل الاستباقي) لە لێهاتویی نواندنی مەعریفی زانیارییەکان لای خوێندکارانی پۆلی دووەمی ناوەندی)و کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە خوێندکارانی پۆلی دووەمی ناوەندی لە پارێزگای بغداد - الكرخ، ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە زانینی کاریگەری ستراتیژی (الدليل الاستباقي) لە لێهاتویی نواندنی مەعریفی زانیارییەکان لای خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە کە (٦٨) خوێندکار بوون، و میتۆدی نیمچە ئەزمونی پەیرەوکردووە، ئامرازەکانی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە ئامادەکردنی پێوەری لێهاتویی نواندنی مەعریفی زانیارییەکان، لەگرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە: بوونی جیاوازی لە ناوەندی ژمێرەیی نمرەی خوێندکارانی هەردوو گرووپی توێژینەوەکە لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزمونی.

**بەشی سێهەم: ڕێبازی توێژینەوەکەو ڕێکاریەکانی**

لەم بەشەدا ئەو ڕێکاریانەی لە توژینەوەکەدا گیراونەتەبەر لەوانە (میتۆدی تویژینەوەکە، کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەکە، ئامرازەکانی توێژینەوەکە،و جێبەجێکردنی لەسەر نمونەی توێژینەوەکەو هاوکێشەئاماریيە بەکارهێنراوەکان دخرێتە ڕوو:

**٣-١ دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە**

دیزاینی ئەزموونی بە ناوی (دیزاینی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراوی هەڕەمەکی) خاوەن تاقیکردنەوەی پێشینە وپاشینە، بۆ جێبەجێکردنی ئەزموونی بەکارهاتووە وەک لە خشتەی ژمارە (١) رونکراوەتەوە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**خشتەی ژمارە (١)دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە**

| کۆمەڵە | تاقیکردنەوەی پێشەکی | گۆڕاوی سەربەخۆ | تاقیکردنەوەی پاشەکی | گۆڕاوی پاشکۆ |
|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | نواندنی مەعریفی | کورسی گەرم | نواندنی مەعریفی | بەراوردکردنی ئەنجامی تاقیکردنەوەی پاشەکی هەردوو گرووپەکە |
| کۆنترۆڵکراو | | ڕێگەی ئاسایی | | |

**٣-٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە مندالانی باخچە ئاستی دووەم (٥-٦) ساڵ لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی (ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا) لە ناوەندی پارێزگای سلێمانی، کە ژمارەیان (٢٧٢٤) منداڵ بوون، لەم ژمارەیە (١٢٩٥) منداڵی کچ و (١٤٢٩) منداڵی کوڕ بوون بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) زاینی.

**٣-٣ نموونەی توێژینەوەکە**

توێژەر ساملێکی بە مەبەست هەڵبژاردووە تا لە گەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکەی گونجاو بێت کە لە (٣٠) منداڵ پێکهاتووە،لە (باخچەی مندالانی لانک) هەڵبژێردراون، وەك لە خشتەی ژمارە (٢) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (٢)نموونەی توێژینەوەکە**

| ژ | کۆمەڵە | ژمارەی منداڵ | | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| | | مێ | نێر | |
| 1 | ئەزموونی | ٧ | ٨ | ١٥ |
| 2 | کۆنترۆڵکراو | ٧ | ٨ | ١٥ |
| کۆی گشتی | | ١٤ | ١٦ | ٣٠ |

**٣-٤ هاوتایی گۆڕاوەکان**

بۆ هاوتاکردن لە نێوان منداڵانی گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لە هەندێک گۆڕاودا، کە ئەگەری هەیە کاریگەری ئەرێنی یاخود نەرێنی لە سەر ئەنجامی تاقیکردنەوەکە هەبێت، بۆیە ئەم گۆڕاوانەی لای خوارەوە هاوتا کران:

**٣-٤-١ ئاستی زیرەکی**

بۆ دڵنیابوون لە هاوتای لە نێوان گروپەکاندا هاوکێشەی ئاماری تاقیکردنەوەی تائی (t-Test) بۆ دوونموونەی سەربەخۆ و یەکسان بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS)،دەرکەوت کە نرخی (ت)ی ئەژمارکراو (٠،٤٥١٣) نمرەیە کە بچوکترە لە نرخی (ت)ی خشتەیی ( ٢،٠٤٨) بە نمرەی ئازادی (٢٨)،لەسەر ئاستی بەڵگە داری (0،05) وەك لە خشتەی ژمارە (٣) خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (٣) ئەنجامی شیکردنەوەی جیاوازی بە های (ت) بۆ هەردوو گروپەکە لە سەر گۆڕاوەی ئاستی زیرەکی**

| گروپ | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0،05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ١٥ | ١٩،٠٦٧ | ١،٥٦٩ | ٢٨ | ٠،٤٥١ | ٢،٠٤٨ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترولکراو | ١٥ | ١٨،٨٠٠ | ١،٥٥٨ | | | | |

**٣-٤-٢ ئاستی ئەکادیمی دایک وباوک**

پاش کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر پیشەی دایک و باوکی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە بە هاوکاری کارگێری باخچەکە بریتی بوون لە پیشەکانی (بنەرەتی، ئامادەیی، دبلۆم، بکالۆریۆس)، لە ڕێگای هاوکێشەی ئاماری کای[٢] دەرکەوت کە بەهای ئەژمار کراوی (کای[٢]) (٣،٣٨٥٩) کە بچوکترە لە نرخی خشتەیی ( ٧،٨١٥) بە نمرەی ئازادی (٣)،لەسەر ئاستی بەڵگە داری (0،05) وەك لە خشتەی ژمارە (٤) خراوەتە ڕوو.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص: 143-157 المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**خشتەی ژمارە (٤) تاقیکردنەوەی (کای)[٢] بۆ پیشەی دایک وباوکی منداڵەکانی هەردوو گرووپی توێژینەوەکە**

| ئاستی ئەکادیمی دایک و باوک / گرووپ | بنەڕەتی | ئامادەیی | دبلۆم | بکالۆریۆس | کۆی گشتی | بەهای کای ٢ هەژمارکرو | بەهای کای ٢ خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونی یەکەم | ٧ | ٢ | ٦ | ١٥ | ٣٠ | ٣،٣٨٦ | ٧،٨١٥ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٧ | ٥ | ٩ | ٩ | ٣٠ | | | |
| کۆی گشتی | ١٤ | ٧ | ١٥ | ٢٤ | ٦٠ | | | |

**٣-٤-٣ تاقیکردنەوەی پێشەکی**

بۆ دڵنیابوون لە هاوتای لە نێوان گروپەکاندا هاوکێشەی ئاماری تاقیکردنەوەی تائی (t-Test) بۆ دوونموونەی سەربەخۆ و یەکسان، دەرکەوت کە نرخی (ت)ی ئەژمارکراو (٠،٠٠٠) نمرەیە کە بچوکترە لە نرخی (ت)ی خشتەیی ( ٢،٠٤٨) بە نمرەی ئازادی (٢٨)، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0،05) وەك لە خشتەی ژمارە (٥) خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (٥)ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ هەردوو گروپەکە لە سەر گۆڕاوی تاقیکردنەوەی پێشەکی**

| گروپ | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی هەژمارکراو | بەهای تائی خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری 0،05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ١٥ | ٩،٥٣٣ | ٢،٠٢٩ | ٢٨ | ٠،٠٠٠ | ٢،٠٤٨ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترولکراو | ١٥ | ٩،٥٣٣ | ٢،٣٣٤ | | | | |

**٥-٣ ئامادەکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەکە**

بۆ هێنانە دی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، تاقیکردنەوەی گریمانەکان و زانینی کاریگەری ستراتیژییەکە پێوەرێک ئامادەکرا بۆ پێوانەکردنی نواندنی مەعریفی، توێژەر پەنای بردە بەر دروستکردنی پێوەرێکی وێنەیی گونجاو لە ڕووی بابەتی ڕاستگۆیی و جێگیرییەوە، پێوەرەکە دروستکراوە بە لە بەرچاو گرتنی ڕێنمایی و ڕێساو یاساکانی تاقیکردنەوە بابەتییەکان، وەتوێژەر (١٨) برگەی ئامادەکرد لە جۆری تاقیکردنەوەی بابەتی کە پێکهاتووە لە هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك، وە پێش جێبەجێکردنی پێوەرەکە توێژەر دڵنیابووەوە لە ڕاستی و جێگیرییەکەی.

أ. بە مەبەستی دیاریکردنی ڕاستی ئامرازەکە و دڵنیا بوون لە ئاستی زانستی بوونی پێوەرەکە، کە تاچەند برگەکانی بە ڕوونیی و بە ووردی دارێژراون و لە توانایاندا هەیە پێوانەکردن بۆ نواندنی مەعریفی لای منداڵانی باخچە بکەن، بۆ ئەو مەبەستە برگەکانی پێوەرەکە خرایە بەردەستی ژمارەیەك لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری پەروەردە و ڕێگەکانی وانەوتنەوە و دەروناسیی و پێوانە و هەڵسەنگاندن، وە هەستان بە گۆڕانکاریکردن لە دارشتنەوەی برگەکان بە جۆرێک کە زیاتر بگونجێت لەگەڵ نمونەی توێژینەوەکە.

ب. دواتر توێژەر هەستا بە هەژمارکردنی ئاستی قورسی بۆ هەر برگەیەک لە برگەکانی پێوەرەکە و هێزی جیاکاری لە ڕێگەی جێبەجێکردنی لەسەر نمونەیەکی بەرایی کە پێکهاتبوو لە (٩٠) منداڵی ئاستی دووەمی (٥ ساڵ)ی قوناغی باخچەی منداڵانی (دایک)، و ئەو نمرانە بەشێوەی ژماردنی سەر بەرەخوار (تنازلی) لە بەرزترین نمرەوە بەرەو نزمترین نمرە،هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی ڕێژەی ( ٢٧%) لە گروپی ئاست بەرز و ( 27%) لە گروپی ئاست نزم ( Kelly, 1939). وە کۆی گشتی ژمارەی منداڵان دەکاتە (٤٨) بۆ هەر گروپێک (٢٤) منداڵ، پاشان توێژەر وەڵامی هەردوو گروپی بە شێوەیەکی ئاماری شیکردەوە بۆ دەرهێنانی تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکانی پێوەرەکە بەم شێوەیەی خوارەوە:

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:143-157

ج. هێزی جیاکاری بڕگەکانی پێوەرەکە: توێژەر بەپێی هاوکێشەی تایبەت هێزی جیاکاری بڕگەکانی پێوەرەکەی دەرهێنا بۆی دەرکەوت لە نێوان (٠،٣٣– ٠،٧٩) دایە، هەمووبڕگەکانی پێوەرەکە پەسەندە ئەگەر ڕێژەکەی (٠،٢٠– ٠،٣٩) دا بێت ئەوا بە پەسەند دادەنرێت. (مخائیل، ٢٠١٥: ١٤٤)

**خشتەی ژمارە (٦)ئاستی قورسی و هێزی جیاکاری بڕگەکانی پێوەری نواندنی مەعریفی**

| ژ | ئاستی قورسی | هێزی جیاکاری | ژ | ئاستی قورسی | هێزی جیاکاری | ژ | ئاستی قورسی | هێزی جیاکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٠،٤٤ | ٠،٧٩ | ٧ | ٠،٧٣ | ٠،٣٨ | ١٣ | ٠،٤٢ | ٠،٤٢ |
| ٢ | ٠،٢١ | ٠،٤٢ | ٨ | ٠،٢١ | ٠،٤٢ | ١٤ | ٠،٧٣ | ٠،٤٦ |
| ٣ | ٠،٢٧ | ٠،٤٦ | ٩ | ٠،٧١ | ٠،٣٣ | ١٥ | ٠،٢٩ | ٠،٤٢ |
| ٤ | ٠،٢١ | ٠،٤٢ | ١٠ | ٠،٦٥ | ٠،٥٤ | ١٦ | ٠،٦٥ | ٠،٤٦ |
| ٥ | ٠،٦٩ | ٠،٣٨ | ١١ | ٠،٢٣ | ٠،٣٨ | ١٧ | ٠،٣٥ | ٠،٣٨ |
| ٦ | ٠،٢١ | ٠،٤٢ | ١٢ | ٠،٣١ | ٠،٣٨ | ١٨ | ٠،٥٦ | ٠،٧١ |

د. جێگیری پێوەری نواندنی مەعریفی: توێژەر ئەو (٩٠) نمرەیەی کە لە تاقیکردنەوەی سەرەتایی دەستی کەوتبوو دابەش کرد بەسەر دوو بەشی یەکساندا (بڕگە تاکەکان بەرانبەر بڕگە جووتەکان)، پاشان بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن پەیوەندی نێوان بڕگەکانی تاقیکردنەوەکەی دۆزییەوە کە (٠،٨٣٢) و ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە پێوەرەکە جێگیرە، هەروەک "کرونلاند" (Gronlund) دەڵێت ئەگەر تاقیکردنەوەیەک بەهای جێگیرییەکە لە (٦٠%) زیاتر بێت بە تاقیکردنەوەیەکی باش ئەژمار دەکرێت.

### ٣-٦ جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە

هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە:

1. جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی پێشەکی بەسەر منداڵانی هەردووگروپ.
2. ئامادەکردنی کۆمەڵێک پلانی وانەوتنەوەی تایبەت بە ستراتیژی کورسی گەرم لە لایەن توێژەرەوە لەسەر پەرتوکی کارامەیی و چالاکییەکان بۆ منداڵانی باخچە لە هەرێمی کوردستان – عێراق.
3. دەستپێکردن بە وانەوتنەوە بە هەردوو گروپ لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٢/٢٧) تا (٢٠٢٥/٤/٢٣) بۆ ماوەی (٨) هەفتە کە دەکاتە (٤٨) وانە و بۆ هەر بەشەوانەیەک (٣٠) خولەک.
4. جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی پاشەکی نواندنی مەعریفی لە دوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی وانەوتنەوە بە هەردوو گروپ،
5. هەڵەچنکردنی پەڕاوەکانی پێوەری نواندنی مەعریفی تاقیکردنەوەی پاشەکی، وە شیکردنەوەی داتا ئامارییەکان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (تائی) و گەیشتن بە ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان.

### ٣-٧ ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان

بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئاماری و شیکردنەوەی داتاو زانیارییە کۆکراوەکان لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، توێژەر پرۆگرامی ئاماری (SPSS) بە کارهێنا بۆ شیکردنەوەی داتاکان، ئەم ئامرازانە بەکارهاتووە وەک (ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری، تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونە، تاقیکردنەوەی (کای)[٢]).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص: 143-157

## بەشی چوارەم

## خستنەڕووی ئەنجامەکان وشیکردنەوەیان

### 1-4 خستنەڕوی ئەنجامی گریمانەی یەکەم

أ. هیچ جیاوازییەکی ئاماری لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) نییە لە نێوان ناوەندە ژمێرەییەکانی نمرەکانی گروپی ئەزمونی کە وانەیان خوێند بە پێی ستراتیژی کورسی گەرم و گروپی کۆنترۆڵکراو کە وانەیان خوێند بە ڕێگای ئاسای لە تاقیکردنەوەی پاشەکی لە پێوەری نواندنی مەعریفی، بۆ گەیشتن بە ڕاستی و دروستی ئەم گریمانەیە توێژەر تاقیکردنەوەی تائی دوونموونەی سەربەخۆ و یەکسان (Independent Samples T-taste)ی بەکارهێنا، وەك لە خشتەی ژمارە (٧) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٧) تاقیکردنەوەی تائی بۆ نموونە سەربەخۆکان بۆ بەراوردکردنی نمرەکانی تاقیکردنەوەی نواندنی مەعریفی بۆ گرووپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو) دوای جێبەجێکردنی ستراتیژییەکە**

| گروپ | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0،05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ١٥ | ١٦،٣٣٣ | ١،٧٤٦ | ٢8 | ٣،٥١٨ | 2،048 | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | ١٥ | ١٣،٣٣٣ | ٢،٤١٣ | | | | |

لە خشتەی ژمارە (٧)دا دەردەکەوێت بەهای (ت) ئەژمارکراو (٣،٥١٨) گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەی(2،048)، بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەرچاو هەیە لە نێوان نمرەکانی منداڵانی گرووپی ئەزموونی بە بەراورد بە نمرەکانی گرووپی کۆنترۆڵکراو لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی، توێژەر وای دەبینێت هۆکاری بەرزی نمرەکانی گروپی ئەزمونی لە تاقیکردنەوەی نواندنی مەعریفی بە بەراورد بە نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێوترا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی (کورسی گەرم) ستراتیژییەکی نوێیە و پێشتر بەکارنەهاتووە، وە فێرخوازەکان دەبنە میحوەری ناوەندی سەرکی خولانەوەی بابەتەکە چونکە قوتابی بەشداری وانەکە دەکات و پرسیار دەکات و وەڵام دەداتەوە، وە ڕێگە نادات فێرخواز بێئاگابێت لە وانەکە و خەیاڵی پەرتەوازە بێت، هەربۆیە ستراتیژییەکە بەشداربووە لە وروژاندن و زیادبونی پاڵنەری فێربوون بۆ بابەتەکان، وە گەشە بە لێهاتوییەکانی بیرکردنەوە و دروستکردنی پرسیار و ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکاکان و وەرگرتنی زانیاری و بەستنەوەی زانیاریەکان بە زانیاریەکانی ناو بونیادی مەعریفییەوە دەدات، وە منداڵەکان بە ئازادی ڕای خۆیان دەردەبڕن وە ئازادانە بیر دەکەنەوە، وە دەبێتە هۆی دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە نێوان فێرخوازخان و مانەوەی زانیارییەکان بۆ ماوەیەکی زیاتر.

ب. هیچ جیاوازییەکی ئاماری لە سەر ئاستی بەڵگەداری (0،05) لە نێوان هەردوو ناوەندی ژمێرەیی بۆ جیاوازییەکانی نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوی پێشەکی و پاشەکی بۆ گرووپی (ئەزمونی) لە تاقیکردنەوەی نواندنی مەعریفی نییە، بۆ گەیشتن بە ڕاستی و دروستی ئەم گریمانەیە توێژەر تاقیکردنەوەی تائی بۆ نمونە جوتەکان (Paired Samples T-taste) بەکارهێنا، وەك لە خشتەی ژمارە (٨) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٨) تاقیکردنەوەی تائی بۆ نموونە جوتەکان بۆ بەراوردکردنی نمرەکانی تاقیکردنەوەی نواندنی مەعریفی بۆ گرووپی ئەزمونی پێش و دوای جێبەجێکردنی ستراتیژییەکە**

| گروپ | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0،05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| تاقیکردنەوەی پێشەکی | ١٥ | ٩،٥٣٣ | ٢،٠٢٩ | ٢8 | ٩،٢٢٦ | 2،048 | بەڵگەدارە |
| تاقیکردنەوەی پاشەکی | ١٥ | ١٦،١٣٣ | ١،٧٤٦ | | | | |

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە جیاوازی بەرچاو هەیە لە نێوان تێکڕای نمرەکانی تاقیکردنەوەی نواندنی مەعریفی لە پێش و دوای جێبەجێکردنی ستراتیژییەکە، وەك لە خشتەی ژمارە (٨)دا دەردەکەوێت بەهای (ت) ئەژمارکراو (٩،٠٢٢٦) گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەی(2،048)،ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە جێبەجێکردنی ستراتیژی کورسی گەرم کاریگەری ئەرێنی لە سەر نواندنی مەعریفی لای منداڵانی باخچە هەبووە.

**٤-٢ دەرئەنجامەکان**

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەدا، توێژەر بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

1. گونجاوی ستراتیژی کورسی گەرم لە گەڵ بابەتەکانی ناو پەرتوکی کارامەیی و چالاکییەکان بۆ منداڵانی باخچە ئاستی دووەم،
2. سەلماندنی کاریگەری ستراتیژی کورسی گەرم لە سەر نواندنی مەعریفی لای منداڵانی ئاستی دوەمی باخچە بە بەراورد بە ڕێگای وانەوتنەوەی ئاسایی، ئەمەش ئامانجێکی گرنگە سەرجەم کۆنفرانسە زانستی و پەروەردەییە نوێیەکان جەختی لەسەر دەکەن.
3. ستراتیژی کورسی گەرم شێوازێکی نوێی فێرکردنە هانی فێرخوازان دەدات بۆ بەشداریکردنی ئەرێنی لە کاتی وانەکاندا و دەربڕینی ڕای خۆیان بە ئازادی و کەشێکی پەروەردەیی گونجاو لە نێو پۆلدا دروست دەکات.

**٤-٣ ڕاسپاردەکان**

لە بەر ڕۆشنایی ئامانجەکان توێژەر چەند ڕاسپاردەیەکی پەروەردەیی خستەڕوو ئەوانیش بریتین لە:

1. ڕاسپاردنی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە لایەن سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بۆ بەکارهێنانی ستراتیژی کورسی گەرم لە وانە وتنەوەی بابەتەکان وەك ستراتیژییەکی سەردەمیانە کە ڕێگایەکی سەرنج ڕاکێشە بۆ وانە وتنەوە.
2. کردنەوەی خول و ئەنجامدانی وۆرکشۆپ و سیمینار لە لایەن دامەزراوە پەروەردەییەکان بۆ مامۆستایانی باخچەی منداڵان، تا لە ڕێگەیەوە شارەزاو ئاشنای چۆنییەتی بە کارهێنانی ستراتیژی کورسی گەرم و گرنگییەکەی بن لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا.
3. وەزارەتی پەروەردە داوا لە مامۆستایانی باخچەکان بکات کە گرنگی بە لێهاتووییەکانی نواندنی مەعریفی لای منداڵان بدەن، لە ڕێگای بەکارهێنانی ستراتیژییە نوێیەکانی وانە وتنەوە لەوانە (ستراتیژی کورسی گەرم).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص: 143-157
المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: سەرچاوە کوردیەکان**

1) صایغ،لیلی (2006)، ڕابەری مامۆستایانی باخچەی ساوایان
2) عزیز، کریم احمد (2021) :ستراتیژە نوێیەکانی وانە وتنەوەك چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین-هەولێر.
3) مصطفی، كنعان اسماعیل، (٢٠٢٣): كارایی بەكارهێنانی ستراتیژی كورسی گەرم لەسەر دەستهات لای خوێندكارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و ئاڕاستەیان دەربارەی بابەتی كۆمەڵایەتی، گۆڤاری زانكۆی گەرمیان، ل ٢٣٦ – ٢٥٠.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبیەکان**

1) خضر، بدر (2011): تكوين التفكير بحث في الاساسيات، سلسلة التربية وعلم النفس – 3، دار نينوى للدراسات والنشر والتوزيع، دمشق، سوريا.
2) علي، محمد السيد (2010): موسوعة المصطلحات التربوية، ط1،دار الميسرة للنشر والتوزيع، عمان، الاردن
3) شاهين، عبدالحميد حسن (٢٠١١): استراتيجيات التدريس المتقدمة، كلية التربية بدمنهور، جامعة الأسكندرية، مصر،
4) سحتوت، أيمان محمد وجعفر، زينب عباس (2014): استراتيجيات التدريس الحديثة،الطبعة الأولى، مكتبة الرشد، ناشرون، الرياض.
5) الشمري، ماشي بن محمد (2011) : 101 استراتيجية في التعليم النشط، ط1، االمملكة العربية السعودية.
6) سويدان، الزهيري، سعادة حمادي و حيدر عبدالكريم محسن (2018): اتجاهات حديثة في التدريس في الضوء الطور العلمي والتكنلوجي، ط1، دار الابتكار، الانبار-عراق.
7) شواهين، خير سليمان (2019) :التعليم الفعال، ط1، عالم الكتب الحديث،اربد، عمان.
8) الزيات، فتحي مصطفى (2005): الأسس المعرفية للتكوين العقلي وتجهيز المعلومات (ط2)، القاهرة: دار النشر للجامعات.
9) عبد الصمد، أسماء السيد محمد (2017): أستخدام التجسيد المعلومات بالانفوجرافيك على تنمية مفاهيم مصادر المعلومات المرجعية والعادات العقل والكفائة الذاتية مدركة لدى طلاب تكنلوجيا التعليم مرتفعي و منخفضي كفائة التمثيل المعرفي للمعلومات، الجمعية العربية لتكنلوجيا التربية،جامعة حلوان.
10) عطا، رجب احمد وعطا، اسامة، احمد (2018): كفاءة التمثيل المعرفي وعلاقتها بجودة الحيات الوضيفية لدى معلمى التربية الخاصة،العدد الثانى، مجلة العلوم التربوية – كلية التربية بالغردقة – جامعة جنوب الوادي.
11) بدر، سهام محمد (2007): مدخل الى رياض الأطفال، الطبعة الأولى، دار الميسره، عمان.
12) الفتلي، حسين هاشم (2016) : علم التدريس والتعلم و فنونه، مكتبة دجلة، بغداد.
13) عواش، لجين عبدالله والعتيبي، نوف نوار (2024): فاعلية أستراتيجية التعلم المنضم ذاتياً في تحسين التمثيل المعرفي للمعلومات لدي التلميذات ذوات صعوبات التعلم، مجلة العربية لعلوم الإعاقة والموهبة، مصر، مج (8) -ع (30)، 235-288.
14) محمد، عادل (2008): فعالية برنامج للتعليم العلاجي في تنمية مستوي التمثيل المعريفي للمعلومات لدى تلاميذ الصف السادس الإبتدائي ذوي صعوبات التعلم في الفهم القرائي، ندوة العلمية بعنوان (علم النفس وقضايا التنمية الفردية والمجتمعية)، ( 15-2008/4/17)،جامعة ملك سعود، الرياض، المملكة العربية السعودية.
15) الزيات، فتحي مصطفى (2001): علم النفس المعرفى دراسات وبحوث سلسلة علم النفس المعرفى (ط6)، ج2،القاهرة، دار النشر للجامعات، 552.
16) البيرماني، أيام وهاب رزاق (2015): نماذج تمثيل العقلي للمعلومات وعلاقتها بستراتيجيات التعلم والإستذكار، المجلد (23)، العدد (4)، مجلة جامعة بابل- كلية التربية للعلوم الانسانية.
17) محمد، هبة هاشم (2020 ): استراتيجية مقترحة قائمة على الدمج بين دورة التعلم السباعية ومحطات التعلم لتنمية مهارات التحقيق الجغرافي ومستوى التمثيل العقلي للمعلومات لطلاب المرحلة الثانوية، العدد (74)، المجلة التربوية-كلية التربية-جامعة عين الشمس.
18) عبدالكريم، سعد خليفة (2016): أثر استراتيجية كرسي ساخن عبر تعليم العلوم في تنمية مهارات الحوار ولاهتمام العلمي لدى تلاميذ المرحلة الأبتدائية، مجلة كلية التربية. مج. 32، ع. 3، ج. 2- مصر.
19) الخيرو، بان انور عبد القادر(2021): أثر استراتيجية الكرسي الساخن في تنمية التفكير الحدسي لدى اطفال الروضة، مجلة ابحاث ابحاث الذكاء، الجامعة المستنصرية، مجلد 15، عدد 32، بغداد.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

20) عبدالله، ميسم فلاح (2023): أثر استراتيجية (الدليل الاستباقي) في كفاءة التمثيل المعرفي للمعلومات عند طالبات الصف الثاني المتوسط، مجلة الجامعة العراقية، العدد 60، ج2.

**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

1) Bruner, J. (1966). Toward a Theory of Instruction. Harvard University Press.
2) Vygotsky, L. S. (1978). Mind in Society: The Development of Higher Psychological Processes. Harvard University Press.
3) Young, Sara (2008): Hot seat: Student- Generated Interactive Questions and Conversation Activities, Conference Report.
4) West, Ed (2002): Strategic Literacy interactive (Hot Seat Using Question Answer Relationships), tap 7. Cognitive Dimension.
5) Bodner, G.M. & Domin, P. S. (2000): Mental models: the role of representations in problem solving in chemistry ،university chemistry Education, 4 (1) 24-30.
6) Kelly, T. L. (1939). The interpretation of educational measurements. Yonkers-on-Hudson, NY: World Book Company.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)